# دەمەو ئێواران ئەتبینم
# بە سوخمەیەکی زەردەوە

شیعر

سەلام محەمەد

1988

# له دایکبوون
# یا
# 1954/7/21 له مێژوودا

ئێواره بوو
تریفەی جوانی سیوەیل و
ئەستێرەی دووری داپۆشراو بە هەوری لێڵ
هاتنه خوارێ..
حەوتەوانەکەی گەلاوێژ
بۆ ماسییه زەردەکانی
ناو ناخی دەریای بێ ئارام پێئەکەنی
پەنجەی نەبینراوی (( کەون ))یش
وەکو شەپۆلێکی تاساو
گوندەکەمی رائەژەنی..
له ترسانا نەوەک شەوە بێ و بمدزێ
دایکم شەوارەی بۆ گرتم
ئەرێ دایه
به چەقۆ ناوکتان پریم یا به خەنجەر
بۆ سەرگەردانیتان هێنام
یا بۆ سەنگەر
ئەی ناو ؟؟
ناوی چیتان لێ نام ؟
تەنیا سەلام؟؟
\+ + +
به پرسیار و چییەو چۆنه زمانم گرت

له ناو خوێنا
چاوی ئاواتم هەڵهێنا
کۆڵانەکانی (( کارێزە)) و (( پیرەڕەز )) و
گۆمەشینەکەی (( قەرەوناز ))
فێری دڵدارییان کردم
(( مام فەتاح )) یش فێری کردم
بیر لە مەتەڵی جنۆکە و دێو و درنج بکەمەوە
+ + +
دایە خۆ ئێستا مناڵ نیم
بەڵام هێشتا کە ئەخەوم
ئەترسم لە ناکاوێکدا
شەوە پەیدا بێ و بمدزێ...
1971

قەرەوناز : گۆمێکە لە سەرووی گوندی دەرماناو .
کارێزە : گوندی کارێزەی خاڵخاڵان کەدەکەوێتە ناوچەی شوانی کەرکوك
مەڵبەندی تەمەنی منداڵیمە .
پیرەڕەز : یەکێکە لە رەزە بەناوبانگەکانی کارێزە .
مام فەتاح : پیرەمێردێك بوو لە کارێزە هەمیشە هۆگری مەتەڵ و هەقایەتەکانی
بووم .

## درۆی ئاوارە

بۆ نوون

دوورکەوە لێم
چیتر بەبزەی فێڵاویت ناخەڵەتێم

چیتر بەدرۆت، بە نازت
بەچرپەی زاری ناسازت
پشکۆی دڵم دانامرکێ
کە رق بگاتە رادەیەک
تک تک دڵۆپە ئاگری لێوە بتکێ
دۆزەخیش بێ ئەیشواتەوە
تینوویەتی بیابانیش،
نەوەك دەریا
بگرە تاکو ئۆقیانووسیش ئەخواتەوە
+ + +

بۆم ئەنووسی:
لە تۆ زیاتر کەسێک لێوی ناسکۆڵەمی نەمژیوە
لە تۆ زیاتر
کەسێک مەمکی ساویلکەمی نەگوشیوە

بۆم ئەنووسی :
هەر تۆی یاساوڵی لەشم پێت ناوێرێ
هەر تۆی چاوم
هەر تۆی دڵم پێت ناوێرێ..
+ + +

گوایە شەوان
لەگەڵ شەپۆلی فرمێسکا
پاپۆڕی خەو ڕایماڵیوی
لە جیاتی مەرەکەبی شین
خوێن پەخشانی پێ نووسیوی
+ + +
گوایە زۆر جار

لەگەڵ پەپوولەی خەفەتا هاتوویتە ناو
گلێنەی چاوەکانمەوە
سەدان جاریش ،
کە تۆف و کرێوەی زستان
سەبرو ئۆقرەی لێ پڕیوی
بوویتە بە کۆتر لە کۆشی
یادگارێکی دڵتەزێنا نیشتوویتەوە
درۆکانت ئاوارەن و
نەفرەتی ڕەشی شاعیرێک ڕاویان ئەنێت
تامی (( ئۆخەی )) نەکردووە
تۆ ناترسێ ی...
لە نەفرەتی ئەو شاعیرانەی نازانن
(( ئۆخەی)) چییە !
1972

## بەیانی دێم ماچت دەکەم

دەنگ:
لە ئێوارەنی پایزا
یاقووتی خەم
شینایی چاوی تەمەنمە
باران ورد  ورد دێتە خوارێ
نمە نمە دێتە خوارێ
باران حەرفی هۆنراوەمەو با ببارێ
هەر شەیدایەک
لە بەر تیشکی خۆرەتاوا بوکی بارانی ناسیبێ

خۆشم ئەوێ ..

سیامەند :
شەونمی سەر گەڵاکانم
نیوەم ماسی و
نیوەکەی ترم کۆتری تەقڵەبازە
رووباری سۆز لە دەروونما شەپۆل ئەدات
شەپۆل ئەدات و سەرچاوەم
بزەو فرمێسکی خەجێ یە

دەنگ :

لە پەلکە زێرینەم پرسی : چی هێناتی ؟
وتی : باران

سیامەند:

کە شەوداهات تریفەم و
لە ڕۆژیشدا
تیشکی رووناک ئەبەخشمە کەنارەکان

دەنگ :

ئێوارەیەکی هاوین بوو هەڵیان واسیم
کە یار هاتە سەر لاشەکەم
دڵۆپێ خوێنم نەمابوو
بیکاتە گوڵی سەر مەمکی

سیامەند :

ئیمشەو ئاگری تەنیایی
دەمارەکانی سڕکردووم
غەریبیم تاوی سەندووە
هەتا قووڵتر بیر لە جوانیت بکەمەوە

زیاتر هێزم تێدا ئەڕوێ و
زووتر ئاخی دەوروپشتم ئەقوزمەوە
گیانە خەجێ
هەورو ساماڵ ئاوی لێخن ناخونەوە
لووتکەی چیا ئاوێنەمەو
تۆپەڵێ بەفری مەییوم
ناتوێمەوە
بەیانی دێم ماچت ئەکەم
1974

*****  *****   *****

# دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە

ئەم شیعرە تایبەتە بە پۆلا و دایکی پۆلا

من تۆم ئەوێ
تۆ شالقی ئەو درەختەی رەگی لەناو هەناومایە
تۆم خۆش ئەوێ
تۆش تریفەی ئەو رووبارە دڵتەزێنەی
سەرچاوەکەی، وا لە لێواری چاومایە
دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە
دەست لەناو دەست لەگەڵ زەردەپەری شۆخا
ڕەنگی جوان جوان
بۆ سیوەیلی ئاسمانی شارە سوورەکەم
هەڵئەبژێری..
ئەخەویت و مانگ هەڵنایە
شەوی تاریک و درێژی کوردستانیش
دووایی نایە
چیتر لایلایەم بۆ مەکە
کاتێ ئەگریم
تۆ ئەبیتە ئەستێرەیەکی بەفراوی
لە پەنجەرەی فرمێسکەوە
دێیتە ناو ژووری دڵمەوە
جومگەکانم باوەشت بۆ ئەگرنەوە
پربە ناخی
سالانی خۆزگەو تینوێتی و سەرگەردانی
نیگاکانت هەڵئەمژم
ماچت ئەکەم و تەنیاییم ئەبەخشمە چاوەکانت

ئەوسا کە بووینە یەک پارچەو
لەناو ژانی کارەساتا تووواینەوە
گیانم ئەبێتە شیعرێک و بۆت ئەخوێنێ
هۆ دڵدارە غەریبەکەم
شیرینتری..
لە بۆنی ئەو خاکە جوانەی
ڕێژنەی باران ، تازە لێوی نابێتە سەر
نامەیەکیت،
بە تیشکی رۆژ وشەکانت هەڵچنراوە
تۆ ناسووتێی ئەی دڵدارە غەریبەکەم
مەلی ئاوات،
لە دونیای پان و بەرینی گلێنەتا
باڵەفڕەی ژیانیەتی
تۆ ناسووتێی .. ئەی دڵدارە غەریبەکەم
دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە
چۆڕاوگەی فرمێسکی شەیدات
ئەبێتە شەونمی بەیان
باڵات ئەبێتە هەڵاڵە
دارستانێکیت شۆڕەبیی تفت و تاڵی
ساڵانی پر بەسەرهاتی ئەم وڵاتەت لە دڵدایە
ئەخەویت و مانگ هەڵنایە
شەوی تاریک و درێژی کوردستانیش
دووایی نایە

دڵدارەکەت لەوبەر زێیە
تۆش بەسەر پردی پشکۆدا هەنگاو ئەنێی
ئاگر دەروونت داخ ئەکات
ئاگر دڵت ئەسووتێنێ
ئاگر

ئەگاتە
ئێسقانت ..
دووکەڵی رەش،
وەک دێوەزمەی چاو سووری ناو بورکانی شێت
بەرووتا ئەتەقێتەوە
بەڵام تۆ هەر ئەپەریتەوە
کاتێ نزیک ئەبیتەوە
دڵدارەکەت وەک تراویلکە ون ئەبێ و
بە ناچاری ئەگەڕێیتەوە
دەمەو ئێواران ئەتبینم
دەستەو ئەژنۆ لەماڵەوە دائەنیشیت
بەر لە خەوتن، گڕی هەناسەی (( ڤان ترۆی ))
هەڵئەمژی و
سییەکانت ئەکرێنەوە
تۆ لە زستانا هاوینی و
هاوینان ئەبیتە زستان
گوڵدانێکیت،
نێرگزی خەم بەلێوارتا شۆڕبۆتەوەو
ئەو ماچانەی ناگەنە لێو
لە سێبەرتا ، خەو بەخۆرەوە ئەبینن
بەرەبەیان رەنگی وەنەوشەیی ئاسۆ
خورپەیەکی ناسک و قووڵ ئەخاتە کوورەی دڵتەوە
ئەپرسی : کەی ئەگەڕێتەوە؟
کەی باوکی پۆلا دێتەوەو
ئەستێرەی جوان
ئەکاتە دیاری جەژنانەی مناڵێکی باوک نەدیو
چی سێدارەی دونیا هەیە، ئەسووتێنێ
کەی دێتەوەو
لە جیاتی رووباری تێزاب

جۆگەلەو کانیاوی کوێستان
ئەکاتە ئاوی هۆنراوە
لەناکاوا
برووسکەیەک،
هەوری توورە ئەلەرزێنێ و
بەفری هەتیو زمان ئەگرێ :
هەردێتەوە
هەردێتەوە
لەگەڵ یەکەمین گزنگا
مەم بۆ لای زین ئەچێتەوە
*
تۆ لە زستانا هاوینی و
هاوینان ئەبیتە زستان
منیش ئەو تیشکەم
لە نێوان
دوو شاخەوە ، چاوشارکێت لەگەڵا ئەکەم
مەڕۆ مەڕۆ
سمکۆ مەڕۆ
نامەکانتم
لە تەنووربانی هەناوما شاردۆتەوە
دڵم بۆتە گۆڕستانی بیرەوەریت

مەڕۆ مەڕۆ
بیرتە، نیوەڕۆی بەهارێک
دەریاو کەنار شەڕیان ئەکرد
دەریا  وتی: من نەبم کەنار بێ نازە
کەناریش وەک
مامزێکی بەجێماو لە کاروانی ئاو
وتی : دەریا .. یاخی مەبە .. چوارچێوەتم

مەڕۆ
مەڕۆ
ئەو بەهارەی پەرەسێلکەی خۆشەویستیت
لە ژێر باڵی سیمرخەکانی چیادا
ناڵە ناڵی لێوە ئەهات
وام هەست ئەکرد ، منیش بوومەتە باڵدارێک
بەسەر چڵی ئاگرەوە
نیشتوومەتەوەو .. نازانم
گەڵاکانم .. خوێنی ڕەگم ئەخۆنەوە
*
دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە
هاوار ئەکەی لە قووڵایی شاخ و دۆڵا
هەناسەکەم باوکی پۆڵا
بەیانی ئەڕۆی جێم دێڵی
سڵ ناکەی لە قوڵینگی (( تاران))
سڵ ناکەی لە نشێو و هەوراز
سڵ ناکەی لە گورگی برسی
ناو ئەشکەوتی سارد و تاریک
سڵ ناکەی بۆ تازە کچێک ،
سەردەمێکە ...
تەمەنی کردۆتە لۆکە و
بەئارەقەی سەرگۆی مەمک
خوێنی ئاهت ئەسڕێتەوە..
هەر ئەچیت و
ئەگەڕێیتەوە ..
ئەمسەرەکەی
ئەوسەرەکەی
ئەڕۆی .. ئەڕۆیت و، دێیتەوە
نەک وەڵامێ..

نەک سۆراخێ...
تۆ ئاوڕێک نادەیتەوە
*
نامەیەکیت،
بەتیشکی رۆژ وشەکانت هەڵچنراوە
کە شەو داهات
لەگەڵ خەندەی لالێوی پەروانەکانا
چاوەکانت ئەترووکێنی
بەهارێکیت ، سەوزایی بۆ گەڵا دێنی
شینایی بۆ زەریا دێنی
تۆ ناسووتێی
هەر ساتێکی چاوەڕوانیت
وڵاتێکی ئەویندارە
دەمەو ئێواران ئەتبینم ، خۆشم ئەوێی
خۆشم ئەوێی
1974

## ئاسۆی خۆرنشین

شەوانی هاوین
دوو لێوی گەرم و ناسک و نەرمی

کچە کێوییەک، کپ و تامەزرۆ
لە ئاگردانی دەمی تینووما
ئەبوونە پشکۆ
بەدەم هەناسە هەڵمژینەوە
گوێم لێ بوو تاڵ تاڵ ئێسقانەکانی
ئەهاتنە بزەو سەماو هەڵپەڕین
گوێم لێ بوو یەک یەک دەمارەکانی
لە ناو موچرکی خەندە و خۆشیدا
بەرئەبوونە شین ..
ئا لەو ساتەدا ، ئەی کچی چیا
کچۆڵەی شیرین
پۆل پۆل پەپوولەی ماچی ڕەنگاو ڕەنگ
باڵیان ئەگرت و
ئەتووانەوە ناو ئاسۆی خۆرنشین
لێرەوە مەڕۆ
شیرین گیان شیرین
لێرەوە ڕێگا هەورازە
پڕ لە هەڵدێرەو تۆش ناشارەزای
ئەترسم چیتر نەگەڕێیتەوە
کە تۆش ڕۆیشتی
لە بیابانی سوور هەڵگەڕاوی تەمەنی منا
نە بەفر بەگر ئەتاوێتەوە
نەئاگر بەئاو ئەکوژێتەوە
لێرەوە مەڕۆ،
ئاسمانی شینی گشت دڵدارییەک
دوای پەڵەی زستان...
تەم و هەوری ڕەش دای ئەپۆشێت و
ڕەشەباو زریان..
شەختەو بەستەڵەک، لەدایک ئەبن

(( واشیرین ڕۆیی ))
دنیا زستانە و .. ئیتر تا بەهار
ئەگەڕێتەوە ناو دۆڵی کپی
چەندەی پڕوانی
هەر بەفرەو .. بەفرە .. سپییەو سپی
نیوە شەوێکی تەزیوی تشرین
باران ئەباری و
منیش بە بەستەی باران بارانە بارانی ئەوین
دوا زەردەخەنەی شاری کەرکووکم هێنایە گرین
لەو شەوەدابوو
تۆ سەری ساردت نایە سەر کوورەی دڵە ڕووتەکەم
چەندەی : لای لایە
جوانێ لای لایە
لەیلێ لای لایەی گەرمم بۆ کردی
تۆ خەوت نەهات
چەندەی پێکەنیم تۆ هەر ئەگریای
ناچار بەچرپەی زۆر بێدەنگەوە
پێم وتی : شیرین
لێرەوە پڕۆی، ڕێگا هەورازە
پڕ لە هەڵدێرەو
تۆش ناشارەزای
ئەترسم چیتر نەگەڕێیتەوە
کە تۆش رۆیشتی..
لەبیابانی سوور هەڵگەڕاوی تەمەنی منا
نە بەفر بەگر ئەتاوێتەوە
نە ئاگر بە ئاو ئەکوژێتەوە
1977

# توانەوە

کە ئەخۆمەوە
هەموو جیهان وەکو دڵۆپە فرمێسکێ
بەسەر روومەتی ماندووما دێتە خوارێ
پێش ئەوەی بگاتە زەوی
ئەبێتە گوڵە ئەستێرە
کە ئەخۆمەوە
عەشقم ئەبێتە شەونم و
بەسەر گەڵای درەختەوە چرۆ ئەکات
بای سەرەو خوارو سەرەو ژوور
پیرە کۆتەرەی تەمەنم رائەژەنێ
لە شەوانا تریفەی مانگ
دڵداریم لەگەڵا ئەکاو
منیش لەگەڵ
لق و پۆپی دارەکانا ئەلەرێمەوە

کە ئەخۆمەوە
بیرەوەری، چڕنووکی تیژ
لە گۆشتی سۆزم گیر ئەکات
هەزاران تاسەی تەزیوم دێتەوە بیر
بەهەزاران دەریا و شیوم دێتەوە بیر
هەزاران و هەزارەها
تۆپەڵە زامی مەییوم دێتەوە بیر

کە ئەخۆمەوە

پەرداخەکەم ئەبێتە دەزگیرانێکی جوان و دڵسۆز
ماچم ئەکاو
ماچی ئەکەم
( نیوەشەو)یش کە سەرخۆش بووین
کۆچ ئەکەین و ئەفرین بەرەو ئاسمان ئەڕۆین
پەڵە هەورێک ئەکەینە هێلانە و هەوار
ئێوارەی رۆژی ئایندە کاتێ بێدار ئەبینەوە
بەسەر شۆستەی تیشکی زەردی خۆرەتاوا
دێینە خوارێ، بۆ مەیخانە ئەچینەوە
1975
***** ***** *****

# شەوانی تەنیایی

هەر ئەوەندەی لەناو دۆزەخی دووریتا چاوم نوقان
نوقمی خەونی دوور دوور ئەبم
تۆ ئەبیتە شاپەرییەک
کراسێکی ئاوریشمی تەنک و سپیت لەبەردایەو
لەسەر روومەتی ئاوێنەی

دەریایەکی کپ و مەنگی بێ سنوورا، راوەستاوی
دەوروبەرت، وردە ماسی زەرد و سوورە
لەگەڵ کەفی حەورەنگی ئاوی دەریادا دێن و ئەچن
ئاسمانی شین لێوی کاڵی زەردەخەنەی ئەکاتەوە
هەر ئەستێرەیە و ئەبارێ
ئەستێرەکان دێنە خوارێ
شوورەیەکت بۆ ئەبەستن
لە تریفەی شەپۆلپری شووشە شکێن
تۆش لەسەرخۆ بەپەنجەی ناز
گڕی فرمێسکی دووریتی و ئاوارەیی ئەسڕیتەوە
لەگەڵ هەناسەی شنەدا
وەک تەڵێ نێرگزی تەنیا
لە باوەشی بیابانێکی سووتاوا، ئەلەرێیتەوە
جاروباریش بەدەنگێکی ئێجگار نەرم و تەلیسماوی
(( لە نیوەشەو کاتی خەوێ
لێکیان کردین کۆستیان کەوێ )) ئەڵێیتەوە
کاتێ چاوم ئەکەمەوە، ئەی شاپەری
ئەبینم ئارەقی تاڵی ناو پەرداخی نیوەپرم
بۆتە کانیاوی هەنگوین و
چی پەپوولەی ڕەنگا و ڕەنگی
ساڵانی جاری جارانی بەهاری دڵداریمانە
بە لێواریا نیشتوونەتەوە و لەسەرخۆ
سەما ئەکەن..
1979
***** ***** *****

# بارانی ڕەنگاو ڕەنگ

- 1 -

دیسان ئەگریت؟
زووکە گیانە، بڕۆو برژانگ ڕاوەشێنە
چاوەکانت بسڕەوە...
ئەوا هاتن،
من و باڵدارەکانی شار هاوار ئەکەین
ئەم ئاوە شەوانی زستان
نایبەستیت و ئەبێتە خوێن
ئەم ئاوە برینی سەختی تینوێتیتان
سارێژ ناکا
ڕوانینەکانت سەوزگیای بەهارێکی زەردەوەبوون
تەمای چیتە..
ماڵئاوایی مەکەو ڕۆ
ئاوەدانی لە دڵی تۆدا نەماوە
تا چاو هەڵخەی ..
هەر ژاژەو دڕکەو هەڵدێرە
هەر دووکەڵەو
تەمەو داخەو واوەیلایە
تۆ بۆ ناڕۆی
بۆ نازانی دڵدارەکەت دوێنێش نەهات...
دوێنێ ئێوارە ورووژای
دوا گەڵای داری ئارامت هەڵوەراندو
لەسەر دەرگاو دەروازەکەی
شاری (( چاوشارکێ )) دا نووسیت

سوارەکان دێن
ناوی شارو
شەقام و بازاڕ ئەگۆڕن
دەست و پەنجەی خەڵووزاوی
سیمای ناکام،
چاوی قووڵی فرمێسکاوی، ئەسڕنەوە
ئەوان دێن و بارانی ڕەنگا و ڕەنگ دێنن..
دڵدارەکەت دوێنێش نەهات
وەک فەرهادێکی بریندار
لە ژوورێکی
تەنیا و هەتیوا پەپوولەی ئاهەکانت
بە لێواری..
پەرداخی تاڵی ئارەقی چاوەڕوانیدا نیشتنەوە
پەرداخەکەت بووە شاشە
لە سەرەتادا تاپۆیێک
گۆمی مەنگی شڵەقان و
باڵدارە ئێسک سووکەکان رەوینەوە
ڕواچییەک هات
هەنگاوەکانی دووکەڵ و
تۆز و گەردی ..
ڕێگای دووریان لێ ئەباری
گەردەلوولێک..
گەردەلوولێکی ناوەخت و تووڕە و سەرشێت
ڕێگای لێگرت ..
وردە وردە دیمەنەکان تێکەڵاو بوون
هێشتا نیو پەرداخت مابوو کە بزماری خەوێکی تاڵ
لە گلێنەی چاوەسوورەکانتا چەقی
دڵدارەکەت، دوێنێ نەهات ئیتر نایە
بڕۆ بڕۆ، ئەمجارەیان

تا چاو هەڵخەی بیابانە
بەلای چەپا
بەلای ڕاستا
سەربەرەو خوارو بەرەو ژوور هەمووی مەرگە
هەمووی شەونمی هاوارەو
تک تک ، نم نم ، هێدی هێدی
ئەڕژێنە ناو هەناوتەوە
ئەی گیانە بۆ زویر ئەبیت
کە بایەقوش ئەڵێ مەڕۆ
ئەی گوایە بۆ دڵگیر ئەبیت
کاتێ قەلەڕەشکەی کوێستان
ئەڵێ بڕۆ
بۆ ساڵانی خۆشەویستیت ناخەیتە ژێر
گڕو پرشنگی دەستاڕی رۆژگارەوە
بۆ نازانی تۆ نەفرەتت لێ کراوەو بێ وڵاتی
بۆ نازانی
هەموو جیهانیش بسووتێ خەمت نانە
خەم ناسووتێ
دڵنیابە
دڵدارەکەت دوێنێ نەهات ، ئیتر نایە
سەوڵ لێدە
دەریا بەرینە و.. رووباریش
وەکو تۆ شەیدای ماسی یە
دەریا بەرینەو ... جۆگەلەش
وەکو تۆ شەیدای هەوایە
سەوڵ لێدە
پشکۆی ئازار ناکوژێتەوە
بڕۆ بەڵام
ئاوڕ لە سێبەری خۆتیش نەدەیتەوە

ڕەسەنیی خۆر نەدۆڕێنی
سەوڵ لێدە:
سنوور و خاک
بەرەشەبای باوەشێنی سەوڵەکانت بترازێنە
تەمای چیتە
ئەی سەرخۆشەکەی شەوانی بەفر بارین
لە ماچ زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی خوێن
لە خوێن زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی ماچ
ئیمشەو گیانە ..
رووباری گشت وڵاتەکان
ببنە پەرداخە ئارەقێک
بیخۆمەوە مەستم ناکات
چی ئازاری دونیا هەیە
ببێتە گوڵە ژاڵەیەک
هەڵیمژم پەستم ناکا
ئیمشەو زامی وڵاتەکەم
بۆتە کۆترێکی سپی
دڵەکەمی
کردۆتە هێلانەی نازو
ماچم ئەکاو ماچی ئەکەم
ئەی سەرخۆشەکەی شەوانی بەفر بارین
لە ماچ زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی خوێن
لە خوێن زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی ماچ
سەوڵ لێدەو
بەڕەشەبای باوەشێنی سەوڵەکانت
شەپۆلەکان هێمن کەوە
بۆ لەم کەنارە ڕاوەستای؟
ئەوە چیتە! دیسان ئەگریت!!
گوێم لێتە گیانە گوێم لێتە

ئەڵێی هەڵۆی بیرەوەری
چڕنووکی تیژی لەپێستی پاپۆڕەکەم گیرکردووەو
بیریان ئەکەم
ناڵە ناڵیان، سیمفۆنیایەکە لە دڵما
چەتری ئاواتی پەمەیی
بەسەر شوولە ژاژەکانی نائومێدیما هەڵداوە
هەر هاژەی دێ و
بازووی منیش
بەچەشنی مانگی باوەشی جۆگەلەیەک
لەگەڵیانا ئەلەرێتەوە

_ 2_
بیرەوەری خۆڵەمێشە
ئەگەر نەڕۆی، جێ ئەمێنی و
تۆزی شوێن پێ ئەتخنکێنێ
ئەوا هاتن ..
لە دوورەوە ئەیانبینم
رەخت و زینی ئەسپەکانیان
گۆشتی ویژدانی هەزاران دەربەدەرە
رامەوەستە .. بڕۆ بڕۆ
کام ئەستێرە
نزیکترە لەو مەدارەی
پەڵە هەوری سەرگەردانیتی پێوەیە
هەلوور بەلووری بۆ بڵێ
کام پاساری
جریوەکەی ئەگاتە گوێت، بۆی هەڵدەوە
سەوڵ لێدەو
بەسەر لاشەی شاخ و دەریا و دارستان و
دوورگە و لادێی وێران و کاولا بڕۆ

رامەوەستە تا لە سەر لووتکەی قەندیلا
برووسکەی شیعر و نووری خوا بەیەک ئەگەن
1979

***** ***** *****

# داری زەنگیانە

پێشکەشە بە گیانی نەمری
( لەتیف حامید)ی جوانەمەرگ

(( چاو)) (1)ی خەمگین و خەوالّووت
چرادانی
تیشکی شەوانی تەنیایی و دڵداری بوون
کە بێ تاوانێک دەکوژرا
دەنکێ زەنگیانەت دەخستە
گەردانە رەنگاو ڕەنگەکەی هەڵاڵەوە
داری زەنگیانە لە خۆڵی ئێسقانەکانت ڕوواوە
_ هاوینان ، بێدەنگیم بەفرە
لە روومەتی ئاوێنەدا خۆت نابینی
زەردێنەی چاوت خەوالّووی
ناڵەکانی شۆریجە و رەحیماوە
ئاوێنەت بوو
بەیانییەک، راچەنیت و بۆ ئاو گریای
پەرداخێ ئاویان بۆ هێنای
تۆ توورە بووی
وتت بە تاکە پەرداخێ ئۆخەی ناکەم
من ماسیم و لە جۆگەلە دەریان کردووم
هێشتا ساوام، فێری مەلە کردن نەبووم

له رووبارو دەریای شینا
- که پایز هات بای ناوەختەم
شەوان هەر نامەت دەنووسی
ئەستێرەکانی ئاسمانی کوردستانت دەخەواندو
خۆت نانووستی
له بەر دەرگای پۆستەخانەکەی سەلجووقا
لافیتەیەک هەلواسرابوو:
نامەی لەتیف قەدەغەیە!!
- ئەم زستانه دەبم بەتنوکێ باران
زستان هات و زرته بۆزێک
گەنمی ژەهراوی بۆ هێنای
وات هەست ئەکرد، ئەگەر نەیخۆی
چیتر ئازار پێناکەنێ
چیتر برین گوڵ ناگرێ و
خەم نایێته بولبول و پەلکه زێرینه
لەتیف مەڕۆ
ئەم زرته بۆزە، دووکەڵە
ئاگر نییه
مەڕۆ
مەڕۆ
ئەگەر یڕۆی کێ له شەوانی تاریکا
چراکانی
کۆڕنیشه جوانەکەی کەرکووک داگیرسێنێ
کێ ئەلبومەکەی (( هەڵاڵە))2
بەڕەنگی ( زەرد و سوور و شین) بنەخشێنێ
مەڕۆ
مەڕۆ
لەتیف مەڕۆ...
هەر ڕۆیشتی و نەیشم زانی

ئاگر بە دووکەڵ ئەسووتێ
- زستانێ تر ئەگەڕێمەوە
کە بەهار هات
زەردێکی کاڵ
چلوورەی خۆزگە و ئاوات و پرۆژەکانتی داپۆشی
وردە وردە سییەکانت
دەرگاو دەروازەیان لە ڕوی
باڵداری هەناسە داخست
ئەو چرپەیەش
کە لە گەرووتا خنکاوەو
چەندەکەی نایەتە دەرێ
هۆنراوەنییە و ئاوازی گیان دەرچوونە
تۆ نابینی (( چاو))ی خەمگین و خەواڵووت
ئەستێرەی لێبۆتە رووبار
- خودا حافی....

1976

1 رەحمەتی بەنەخۆشی شێربەنجەی چاو سەری نایەوە
2 هەڵاڵە : کچی جوانەمەرگە.

*****   *****   *****

## هاوین

بۆ هاوڕێی شاعرم سەڵاح شوان

هاوینەو .. بۆنی هاوینیش
زۆر دەمێکە وەکو نوکە دەرزییەکی تیژ
لە ناو دڵمدا چەقیوە
دڵم ئەوەندە بزمارو
نوکە ڕم و
وردە شووشەی
سووتێنراوی پیا چزاوە
ئێستا بۆتە شاری شاعیرانی وڵات
ئەی شاعیرانی وڵاتە شیرینەکەم
دڵەکەی من
درەختێکی ئاگرینە
نەوەک تەنیا هەر بەهاوین
لە شەوانی زستانیشدا
پشکۆی چڵە سوورەکانی
بە لێواری
جادەی بە بۆمبا چەنراوی
ئێسقانەکانی هۆشمدا دێنە خوارێ
ئەندێشەم ئەکەنە سەرین
تەماشا کەن
کاتێ ڕەشەبای هەناسەی دووکەڵاویم
بەرەبەیان و شەوانی بەفر بارین
ئەڕژێتە ناو زرێباری پەنجە تەزێن
وەک برووسکەی هەوری بەهارانی قەندیل
زرێبار و کەڤی سپی شەپۆلەکانی ئەسووتێن

هاوینە .. هاوینە .. هاوین
من و گڕی غەمی تاڵیش
وەک دوو ماری ئاشقە و ماشقە
چەندین ساڵە لێک ئاڵاوین

ئەو دەست لە یەخەم بەرناداو
منیش هیچ کاتێ بۆ ئاگر
نەبوومەتە شوورە و پەرژین
1984

***** ***** *****

# تۆ کەناری یا روباری

-1-
هەموو رۆژێ لە لەشما نوێ ئەبیتەوە
کاتێ تریفەی مانگ،
شانەی ئارام بە قژی نیوەشەودا ئەهێنێ
لە دوورەوە تریفەیەکی سوور
کۆتری روانینت بەرەو ئاسمانێکی شین ئەبات
ئەوە خۆری خۆشەویستیی منە
کە هەمیشە گەشکەت پێ ئەکات و
ورەت پێ ئەبەخشێ
وەرە خوارەوە ئەی ئاوی تاڤگەی جوان
چلوورەی کوێستانی ئەم وڵاتە پەلکەزێرینەیە
شەونم ئەکەمە مۆمی شەوانی تەنیاییم
( دەمەو ئێوارە بوو کە هاتی
باڵات درێژتر بوو
لە رووبارەکەی سیروان
پەشۆکام و پرسیم
تۆ کەناری یا رووباری
وتت میوانێکی ناوەختەم
رەشەبا هێناومی ..)

دەسا، ئەو شەپۆلە سێ سەرە سامناکەت دیوە
چۆن گەمارۆی پاپۆڕەکانی داوە
خۆت مەشارەوە
ئیمشەو گەردەلوولی تەمەن
مەچەکی ترس بەند ئەکات
وەرە ژوورەوە
تۆ دەمارەکانت دەروازەن
لە تەکمەوە دانیشە هۆنراوەت بۆ ئەخوێنمەوە
ئەزانم لە هۆنراوە تێناگەی
بەڵام گوێ بگرە
ئیمشەو (( مەولەوی)) دێتە ناخمەوە
دوا قسەت لەگەڵدا ئەپڕێتەوە
هۆ عەنبەر خاتوونەکەی تەمەنی شەیدا و ئاوارەم
هۆ کچە جوانەکەی کوردستان
لەم نیوە شەوە ساردەدا
کە بوومەتە شەختەو
بە روومەتی رووداوەکانی رۆژگارا
شۆڕ بوومەتەوە
دێمە لات و ئەڵێم:-
کامەیان هەڵئەبژێری : سوور یا سپی
ئەگەر ناوچەوانت،
ئارەقی ماندوێتی دایپۆشیوە
ئەوا گیانت،
مەڵبەندی رووناکی و بەهارە
بروانە لووتکەی سەرکەش و
پەڵە گەنمی سەوز
بروانە ئازاری مرۆڤ
چۆن تک تک وەکو ڕێژنەی باران
لاولاوی ماچ ئەبەخشێتە گۆنای خاک

-2-

دەزگیرانت،
کانی و.. کووزەڵە و .. ئەستێرە بوو
ئێواران خەرتەلەی قەدپاڵت ئەبردەوە بۆ شار
لە پێشۆکی سپی
گەردانەت ئەخستە ملی کچۆڵەیەکی هەتیو
کاتێ چاوەکانت ئەنووقان
ئەرخەوان و گوڵی شەوبۆ
بە پێشوازیتەوە ئاهاتن
حەوتەوانە و سیوەیل
تریفەیان ئەکردە کەژاوەت..

-3-

خامۆشیت هەراسانی کردووم
تۆسقاڵێ فەرامۆشیت نەماوە
تۆو گریان و زەردەخەنە یەک پارچەن
وەرە ژوورەوە چوارچێوەکەت بشکێنە
گۆرانی بڵێ بۆ خوا
بۆ شانەشینەکەی بابل و
یوحەننای مەعمەدان
هاوینان دڕکە زەردە هاوڕێتە
ئەی کچە جوانەکەی کوردستان
هەتا دوورکەویتەوە گەورەتر ئەبیت
هەتا رۆژگار بەنینۆکی ژەهراوی
گۆشتی روومەتت داڕنێت،
نازدارتر ئەبیت
هەتا زیاتر لە چاو ون بیت
دیاتر ئەبیت

ئەپرسم: تۆ کەناری یا رووباری؟
ئێوارە بوو گەڕایتەوە لادێ
گورگەلوور و سەگوەڕ و تاریکی
(( سیامەند )) یان لە دڵتا زیندوو کردەوە
-4-
ئاوی تاڤگە دێتەخوارەوەو زۆر جوانە
وەرە خوارەوە
ئەی ئاوی تاڤگەی جوان
تۆزی گەردوون لە دڵمدا بشۆرەوە
تۆش لەتەکمەوە دانیشە
ئەی ئەو کچەی نەتم دیوە و ئەتناسم
با تێر تێر هۆنراوەت بۆ بڵێم
هەتا هەردووکمان ئەبینە شاخ و بەفر
خۆ ئیمشەو دوا قسەت لەگەڵدا ئەیرمەوە
ئەی خۆشەویستەکەم ...
1975

***** ***** *****

سەرنج : ئەم شیعرە دەقێکی درێژبوو بەڵام ئەوسا رژێم لە لووتکەی دەستەڵاتدابوو بۆ بڵاوکردنەوە نەدەگونجاو بە داخەوە قەسیدەکەشم لانەماوە . دوو وشەم کەوتەوە یاد لێرەدا دامناون. ئەو شەپۆلە سێ سەرە ساماناکەت دیوە . مەبەست لە سێ سەر دروشمەکەی بەعس وحدة ، حرية ،إشتراكية بوو .

# شیرین و
# یادگارەکانی ڕەحیماوە

-1-
(( ئێستا..)) چی ئەکەی؟
خەمباری، یا زەردەخەنەی ئاورێشمین
لێوەکانتی داپۆشیوە
ئەگریت یاخود پێئەکەنیت
کچۆڵەکەم، ڕەنگە لاشەت ماندووی کاربێ و
ڕۆحت بە ئاسمانی سووری ئەندێشەوە
هەموو شەوێ ببێتە گوڵە ئەستێرە
- نەخێر، هەناسە ئەکێشم
هەناسەکەم،
ئەی تۆ (( ئێستا..)) خەریکی چیت؟
شیعر؟
شەترەنج؟
هەڵەوەڕیی؟؟
یا سەرخۆشی و بە جادەکانا ڕائەکەی؟
- خەو ئەبینم....

-2-
ئەمجارە ئەگەر ڕۆیشتی
چیتر مەڵێ خودا حافیز

گیانە ئەترسم دووا جار بێ و نەتبینمەوە..
-3-
بیرتە ئێوارەی پایزێک
زمان چرپەی لێوەناهات
جووڵانەوەی ژیان وەستا
ئەمویست بڵێم..!
ئەتویست بڵێی...!
ئەو شەوە جیابووینەوەو بۆ بەیانی
هەر ئەمڕوانی
هەر ئەتڕوانی...
دوو نمە فرمێسکی سووتاو
لە هەوادا یەکیان گرت و بوونە دەنگێک
بەچرپەوە
ئەم، ئەوی دەلاواندەوە:-
وەک هەزاران ئاهی سەرگەردان و شەیدا
بەرەو زەوی دەچینەوە
کە دوا قۆناخی ئاواتی
وێڵ و مانوو
گۆرستان بێت،
یا دوو قۆڵی بەدەم ماچێکی گەرمەوە
خۆمان کوژین
بەڵکو لە ساتە زەردەکەی گیان دەرچوونا
تێر تێر کزەو هەناسەی یەکتر هەڵمژین
-4-
کە تووڕە بووی
بەپێش تۆڕی چاوەکانما
ئەفڕیت بەرەو ئاسمان ئەڕۆی
لەشەوانی تەنیاییدا
مانگ پێم ئەڵێ:

دڵدارەکەت بۆتە کۆتر، هێلانەکەی
لەتەنیشت تەختی خواوەیە
وەرە خوارێ ئەی کۆترە تۆراوەکەم
ئەترسم ئەو لە ئاسماندا
عاشقت بێ و
منیش لەسەرزەمینەکەی
ئەم رۆژهەڵاتە وێران و جێهێڵراوە
ئاوی گوناە بخۆمەوە..
-5-
سوور تر لە خوێنی ئەرخەوان
دوێنێ فرمێسکم بۆ رشتی
قوولتر لە مەرگ
بیرم لەوساتە کردەوە
بووینە لەشێک و راچەنین
-6-
لێزمە وردەکەی بارانی
نیوە شەوانی کەرکوکت بینیوە چۆن
لە بەر تیشکی زەرد و سوورا
چەشنی رشتە مروارییەک
دائەگیرسێ و ئەکوژێتەوە
منیش ئاوا....
لە دووریتا، دەیان پرۆژە دائەنێم
ئەگەر هاتی پێتی بڵێم
بەڵام کە دێم
گشتیم لەبیر ئەچێتەوە
-7-
کە گەڕامەوە
بەقەد هەموو شاخەکانی ئەم وڵاتە
بەقەد هەموو ئاخەکانی ئەم وڵاتە

خۆشەویستیم بۆت هێنابوو
دڵسۆزە نادڵسۆزەکان نەیانناسیم
وەک ئیبراهیم
تووڕیان دامە ناو ئاگری گومانەوە
بەڵام چونکە دڵم بووە ئازارستان
من نەسووتام خۆیان سووتان
شەوێکی ساردو سایەقەش
وەک هەڵۆی کێویلەی زستان
لە پەنجەرەی ژوورە بچکۆلانەکەتدا
هاتمە ژوورێ
بەتاقە ماچێک داستانی
بەفرو و خوێنم بۆ باس کردی
تۆ پەشۆکای.. ورد ورد خاوبوویتەوە و
بەربوویتە وڕێنە و پرسیت :
ئەو ترووسکە دوورە چییە
دائەگیرسێ و ئەکوژێتەوە
وتم : تیشکی ئازادی یە
-8-
پیاو کوژێکی بێ بەزەیی
چەقۆی نایە ملی بێ تاوانێکەوە
کەللەی سەری جیا کردەوە
دایە بەر شەق و وتی : گۆڵ!
گیانە ئەم سەدەیە سەدەی
سەربرین و هەڵواسینە
دەسا پێش ئەوەی چڕنووکی
دڕندەیەک بمانگاتێ
بێنە ماچی ...
-9-
زستان

زستان
خەم و برینی تەنیایم بۆتە زستان
شەختەی مەییو
بە لێواری گوێسەبانەی هەناسەما
شۆڕبۆتەوە
سەرما و زریان
گوڵەباخ و نەمامەکانی ناوەوەم وێران ئەکەن
وەکو لقی زەردەوەبووی
دار بەڕوویەکی بەجێماو لە دارستان
بای سەرەو خوارو سەرەو ژوور
لەگەڵ خۆیدا هەڵمدەگرێ
ئاو لە ناو ڕەگما دەیبەستێ
رەشەبای سەخت و وەیشوومەش
دەمباو.. دەمباو.. راناوەستێ
پێش گرمەی هەوری گریانم
برووسکەیەک
ئەم زستانە ئەسووتێنێ و
بە خۆڵەمێشی تەرمەکەی
نامەیەکم بۆ ئەنووسێت:
ئەی شاعیرە بێکەسەکە
نەکەی
نەڕۆی..
ئەوەتانێ شیرین واهات
خەم رەوێنە و کۆچیش ناکات
1975-1974
///   ///   ///
ئەم شیعرە بریتیە لە (32) کۆپلە، نیازم وابوو هەموویان
لە دیوانێکی سەربەخۆدا بەناوی ( پشکۆکانی ئاگردانی

ئەوین)ەوە بڵاوبکەمەوە ، لێرەدا تەنیا چەند کۆپلەیەکم هەڵبژاردووە.

سەرنج: بەداخەوە کۆپلەکانی تر کە ئەوسا دیوانەکە لە عیراقدا چاپکرا بڵاوکردنەوەیان قەدەغەبوو . ئەوانیش وەك دەیان شیعری دیکەم فەوتان و ونبوون .

# تێنوێتی و زستانی جوان

## بەشی یەکەم

ماسیت دیوە
چۆن لەژێر تیشکی هەتاوی بەربەیانا سەما ئەکات
ئاوا دڵم.. بۆ پەژارەی
رۆژگاری پڕ کارەساتی لێوەکانت، ئەلەرێتەوە
جێت ئەهێڵێ
رۆژێ...
مانگێ...
یا چەند مانگێ...
کە دێتەوە
وا هەست ئەکات،
یەکەمجارە شەیدات ئەبێ و
پڕ بە پێستی
زام و ئازاری غەریبیی
جوانیی ئەبەخشێتەوە کانیی چاوەکانت

تۆ ئەزانی چاوەکانت
وەک شاری دڵم خامۆش و ئاوارەیە

لە دوای کۆچێ
مەلی تەمەنی ڕێبوارم
گەڕایەوە باوەشی پڕ لە ئەندێشەت
تامەزرۆم و
نیوەشەوی.. ڕەش و تاڵی
بەندیخانەم بۆت هێناوە
تامەزرۆم و
گیانم دورگەیەکی چۆڵی جێهێڵراوە
لێم مەپرسە چی هێنامی
کام ڕەشەبا... کامە گەردەلوول پێکامی
پرسیار زۆرە
بەقەد ژمارەی شاخەکان
بەقەد ئاخی سەرهەڵگرتووی
ناو جەرگی سووری باخەکان
پرسیار زۆرە
پرسیاریش هەر هۆنراوەیە
لێم مەپرسە
(( نەناسراوێکم یارەکەم ئاژاوەیە))
چی هێنامی
چی پێکامی
بۆ هێنامی .. بۆ پێکامی
پەشیمان نیم و درەنگە
هەمووی ماچێکە وەڵامی..

## بەشی دووەم

-1-

قۆناخەکان دوورن بەخوێن نەخشێنراون
لە نێوانی من و تۆدا
دەیان بەندیخانە و سەنگەر
دەیان شاخ و
دۆڵ و دەریاو بیابانی بێ کۆتایی
ئاوی شیرینی تەمەنم ئەخۆنەوە
دەنگم ئاوازی برینە
لە شێوەی هەورە تریشقەی نیوە شەوا ئەگاتە پێت
رانەچڵەکێی
ون نیم دەنگم ئەگاتە پێت
جێم مەهێڵە، دەنگم .. دەنگم ئەگاتە پێت
نە بەندیخانە ... نەسەنگەر
نە بیابان و نە دەریای بێ کۆتایی
شەپۆلی دەنگم کپ ناکەن..
تۆ چۆن ئەڕۆی
بۆ نازانی ناونیشانی دڵدارەکەم لە دڵتایە
بۆ نازانی ناونیشانی بەهارەکەم لە دڵتایە
تۆ چۆن ئەڕۆی
کە هەر ئەڕۆی گیانە ( دەنگم ) لەگەڵتایە
+ + +

ناتوێمەوە..
نا.. نا.. نا.. ناتوێمەوە
ئەوەی دیتم رۆژگارێ بوو
دەرگاوانی ..
حەوت دەرگاکەی دۆزەخێ خوا نەیبینیوە

-3-
نەئاگرم .. نە ئاسنم
نەچەکوشم .. نە گاسنم
بارانێکم،
لە هەموو وەرزێکدا، نمەم
دێتە خوارێ
کە مژدەم هێنا بۆ زەوی
هەڵیان واسیم
کە (( رقم)) هێنا بۆ زەوی
نەیان ناسیم
لە نێوانی مژدەو رقدا
خۆشەویستیت لە دایک بوو
ئەهاتمە لات،
چاوەکانت رۆژنامە بوون
سەر تاخوارێ
دەنگ و باسی وڵاتم تیا ئەخوێندەوە
(( هۆنراوەی سوور
فرمێسکی ئاڵ و
بزەی وێڵ
کۆچی سەرلێشێواوی خێڵ
پرسیاری زۆر ...
سەدان نهێنی سەرپڕاو
پڕوای هەتیو..)).
-4-
کوژرام و.. زیندوو بوومەوە
مانگی کوێستان
تریفەکەی،
بەسەر رووباری هەناوما ئەخولایەوە

گیانە ئەوسا...
پارچەیەک بووم لە گزنگی(( کانی ماران)).
1975

***** ***** *****

سەرنج : لە ساڵی 1974 دا کە پێشمەرگەبووم ئەو ڕێگایەم هەڵبژارد بۆ چوست و چالاکی بۆ ناو شار بگەڕێمەوەو چەند جارێك هەر بە پیادەیی هاتوچۆم کردووە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش لە ناوپردان و شاری کەرکوکدا کە قۆناخ قۆناخ بە دێهاتەکاندا دەڕۆیشتم و شەوێك لە گوندی ( کانی ماران ) مامەوە . ئەم شیعرەو شیعری ( تینوێتی و زستانی جوان ) شیعری ( دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە ) ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو تاقیکردنەوەیەن )

# سۆزانیەکی پیرۆز

تیشکی زەردو ڕەش و سپی تێکەڵاو بوون
سەوز تۆرا
دای لە شەقەی باڵ و فڕی..

سوور بەخامۆشی ئەسووتا
دووکەڵەکەی ،
وەک  ئەژدیهایەکی سەرخۆش
لکایە باڵای ناسک و پڕ هاواری تەمەنەوە
ڕەنگی تەمەن خەونی ئاوریشمینی ئاوە

چۆن ماسییەکی زێرینی بچووک و جوان
لە شەپۆلی بەرەبەیان ئەڕەوێتەوە
ئەویش ئاوا، گەڵایەکە
جێماوە لە چڵ و لق و ڕەگ و دەمار
گەر نەرمەبایەک هەڵی کرد
ئەلەرێتەوەو چرپەی نایە
ئەی یاقووتە دزراوەکەی
ناو ئۆقیانووسی تەمەنی خۆشەویستی
هێشتا ئەستێرەت نەدیوە
شەوانی ناوەختەی هاوین
لەگەڵ مانگ و هەوری لەرزۆکا چاوشارکێت نەکردووە
تۆ نازانی
ئەوە تریفەیە یاخود
رەنگدانەوەی تیشکی خوێنە
سبەینێش ئەگەر راوچی هات
خۆت یاقووتی و پەنا بۆ مرواری نەبەی
چونکە ئەویش، ( ترس) جۆلانەی پێئەکا و
سەر بەرەو خوار هەڵئەکشێت و
ناگاتە گوڵی سەربەستی
تا بۆنەکەی
لە مەرگ رزگاری کات و
ئێوارانی
ئاهەنگی یادی باران و لە دایک بوون
بە پرچییەوە هەڵیواسێت
ئەو تروسکە کزەش جار جار
وەک گوڵە ئەستێرەی هاوین
شۆرەت ئەکات و
روانینەکانی ئاسمانی حەوتەمینی

بیرو خەیاڵت، ئەمژێ
نە شاپەری
نە گوڵاڵەی سەربەستییە
ئەوە زامی سۆزانییەکی پیرۆزە
دائەگیرسێ و ئەکوژێتەوە
دائەگیرسێ و
ئەکوژێتەوە
1977

*****   *****   *****

# گەشت و پێناسین

-1-

کە لە دۆزەخ گەرامەوە، روم کردە شار
گەڵاکان رەنگی شەبەقیا لەبەرابوو
تینووی بەهار
دەنگی ستەم لە گوێما ئەزرنگایەوە
ئازار .. ئازار
یەکەم دەروازەم کردەوە:
ئاگاداربن .. دڵدارەکانی ئەم شارە ترسنۆکن
ئاگاداربن ..

ئاگاداربن، ئا ئەم شارە بێ دڵدارە
ئا ئەم شارە .. ئاسمانێکە بێ باڵدارە

-2-

چوومە ناو شار
پێشرەوەکان ، لە ناو لێشاوی چەپڵەدا
باوێشک ئەدەن
دەستە دەستە کیژۆڵەکان
بۆ سێبەری کۆشکی ئاغا کڕنۆش ئەبەن
ڕێگام ونکرد...
بە گوێسوانەی مزگەوتی یاخیبوونەوە
هەڵواسرام
نوێخوازەکانی ئەم شارە، بێ هاوارن
پێتان بڵێم، چاک بزانن
نوێخوازانی شارەکەمان ، بازرگانن
بازرگانن .. بازرگانن

-3-

دەرچووم لە شار .. دەرچووم لە شار
ئەی لاوەکان،
لەسەر بیابانی چاوتان، تۆماری کەن
منم ڕووبار
تۆماری کەن، یاخیم لە نوێخوازانی شار

-4-

من شەیتانم،

له گۆڕستانێک ئەگەڕێم ، بەبێ مردوو
وەک پەپوولە
بەسەر تەنووری بێ گڕی هاوینی هەستیارەکانا
ئەخولێمەوە
بەناو باخی شیعرەکانا، ئەسوڕێمەوە
من شەیتانم
کە دەرکرام لە بەهەشتا
بەدوای گەشتێکا ئەگەڕێم
بێ رابردوو
لە کوردستانێک ئەگەڕێم ، بێ خەواڵوو
لە ئەپۆلۆیەک ئەگەڕێم
بۆ مانگی ناو چاوی ڤیەتنام سەرم خات
لە پێغەمبەرێک ئەگەڕێم
تەختی خوایەکم نیشان دات
راپۆرتەکانم وەرگرێ ..

-5-

من کوردێکم
فرمێسکی زامی کۆسکەوتووی ئاشتیم پێ یە
تابووتی سەربەستیم پێ یە
لاشەی سووری هەزارەها تانیام پێ یە
من کوردێکم
لە پەرلەمانی ژانەوە وێنەکانم هەڵواسران
گەڕامەوە بەرەو دەرگای زیندانەکان
تەرمی سەدەها ئافرەتی سگ دڕاوم
رەوانەی بارەگای خوا کرد، هەر دەرکران
من کوردێکم
لەوەتەی هەم ، بەروی خۆما ئەتەقێمەوە

لەوەتەی هەم ، فەرهەنگەکەم
بەزاراوەی بێگانەکان ، ئەشۆمەوە
من کوردێکم ، بەسەر هێلانەی ئاوازما ئەڕشێمەوە
لەدەروازەی ونبوونەوە، هەڵیان واسیم
ناسنامەکەم ، مۆری ئاژاوەی پێوەبوو نەیان ناسیم
من کوردێکم لە پێغەمبەرێک ئەگەڕێم
تەختی خوایەکم نیشان دات راپۆرتەکانم وەرگرێ
من کوردێکم نامەوێ (( شا ))
بەخشتی دیوار بمکرێ...

-6-
تفەنگەکەم ژەنگە ڕێژێ
کاڕێژی سەر
گلێنەی چاوی سەرخۆشی تینمە نێژێ
بۆ سەر گۆڕی بوومەلەرزەی رووداوەکان
پێ هەڵئەنێ..
بۆ ناو دڵی چەوساوەکان پێ هەڵئەنێ
تفەنگەکەم، تینووی بازوویەکی پەستە
بۆ ئەرخەوانێکی تووڕە، ئاوارەیە، تینووی ژانە
وەک نارنجۆکی ناوەوەی دەروونی خۆم ، لە گەڕانە
تفەنگەکەم، فڕۆکەیە
بەسەر شەقامی دۆزەخا، تێئەپەڕێ
دووکەڵی رەش، ئەخواتەوە
تفەنگەکەم بورکانێکە
تەپوتۆزی دەریای سپی ئەشواتەوە
پێ هەڵئەنێ
بۆ ناو نمەی خوێنی بەیان
بۆ سەر لێوی هەنگاوەکان پێ هەڵئەنێ
تفەنگەکەم، بێ فیشەکە

وەرن ئەی ئاشتی خوازەکان
تەنیا فیشەکێکم بەنێ

-8-

لە ئاوێنەکەما نەخشەی دڵدارە شێتەکانم دی ..
بیابانی یاساکانیان ئەخواردەوە
وتم کوانێ: گوڵاڵەکانی شەوگارمان ئەی شێتەکان
وتیان پاش گەڕانەوەمان
لە ناشتنی مەیتی هەتاو
خستمانە سەر گۆڕی هیوای مناڵەکان...
1972

# وەک هەزاران رێکەوتی تر

پێشکەشە بە ئەنوەر قەرەداغی و تیپی مۆسیقای
سلێمانی

بەیانییەک،
وەک هەزاران رێکەوتی تر
مەلی تەمەنی رێبوارم،
لای دایە رۆخی رووبارێ

له ناو ئاوی جۆگەلەدا خۆرم بینی
غەریب، داماو ...
سەربەرەو خوارو بەرەو ژوور سەمای ئەکرد

شینایی غەم
رەشماڵێکی ئاگرینی،
بەسەر دەشتە چۆڵەکانی
تریفەی شووشە شکێنی
ئەستێرەکانا ، هەڵدابوو
ئاسۆش، تەمی
ئاسمانی دووری دەکردە
دڵۆپێ فرمێسکی وشک و
تێکەڵاوی ..
تاسەی هەورەکانی دەکرد

تا لەزستانا ببێتە
هەڵمی رەنگە جوانەکانی
پاش رەهێڵەی بارانی زۆر

هێشووە تووترکی لاسوور و ناسک و بۆر
شۆر ببۆوەو
لێوی ناسکۆڵەی شەپۆلە وردەکانی
جۆگەلە خامۆشەکانی
ماچ ئەکرد و ... هێدی ... هێدی،
لەگەڵ شنە و سروەی ساردا
بەلای چەپ و راستا ئەهات

منیش چاوم بۆ تیشکی رۆژ هەڵخستبوو

چۆن لە سەر گەڵای درەختا
دوو رەنگی کاڵ لە (( سپی و زەرد))
زەردێکی کاڵتر لە سوورمەی
گۆنای (( یەکەم و دووا دڵدار))
دروستئەکاو
زەردەخەنەی (( کەونی )) سەرخۆش
ئەبەخشێتە.
ماسی زێرینی ناو تۆرە زیوینەکان
ئینجا لە ژێر قووڵایی دەریاو رووبارا
چەشنی گوڵە لاولاوێکی وشکەوەبوو نوقم ئەبێت
لە ناکاوا، گەروو .. هەناسە .. سییەکان
لە پێستی ساکاری خۆیان هاتنە دەرێ و
بوونە (( من )) ی راستەقینە
منیش وەک بروسکەی بەهار
کە رێبوارەو کۆچیش ناکات
دام لە شریخەی و قیژاندم
بەڕوی موشتەری و مەریخا
هەورەکانم رەواندەوە
لە هەوادا نووسیم : وڵاتەکەم جوانە..
1976

*****   *****   *****

# ماڵئاوایی

ئەگەر یەک رەنگم لەگەڵتا، تۆ دوو رەنگی
کە دوو رەنگ بووم، ئاوی حەوڕنگ
لە ناو شووشەی،
فرمێسکی سپیما سەمای رەنگاورەنگی
ژیان ئەکات...
دە دەروازەی ئەم قەڵایەش بکەرەوە
با بۆ جارێک ..
تەنیا جارێک بێ بتبینم
بەمیوانیی وەرە ناو دڵە تەنیاکەم
ئەگەر بەمیوانیش نایەی
بەرێبواری تێپەڕە تۆ
بۆنی هەناسەکەت ئەکەم
1979

***** ***** *****

# گیانە لەیلا

لە دەریای غەم
گڕی پشکۆی بیرەوەریم ئەشواتەوە
نە بزەیەکی هەتاوی بەرەبەیان

ئاور لە خۆزگەی ساڵانی ئاوارەییم ئەداتەوە
وێڵ و سەرگەردانە هەستم
گیانە لەیلا .. هاوڕێی ڕۆژانی هەڵبەستم
سووتام و
سووتاوم و
سووتام
کەچی هەر دووکەڵی سادەی
مۆمی چاوەکانی تۆ بووم
دەسا گیانە، دوا پەرداخی ئەم زستانە بدە دەستم
چی لەو ئاوازە خۆشترە کاتێ ئەڵێم
ئۆخەی کە ئیمشەویش مەستم ..
1975

## گوڵی نەورۆز

ئەی کچی جوان
شەوی بەهار .. کاتێ بەفر ئەتوێتەوە
ڕێژنەی باران
دانە دانە
لێوی ئاگر هەڵئەمژێ
هەورە تریشقە و برووسکە
دێنە ناو ژووری دڵتەوە
تۆی ڕازاوەش
ئەبیت بە مانگ،
تریفەکەت ..

وردە  بەرد و زیغ و چەوی
کەنارەکانی تانجەرۆ دا ئەپۆشێت
گیانە ئەگەر لەو شەوەدا
شاعیرێکی رووت و هەژار هاتە دەرگا
لێی مەپرسە چیت هێناوە
لێی مەپرسە چی هێناتی
باوەشی بۆ بکەرەوە
بیخەرە ناو ئاگردانی هەناوتەوە
با بە خامۆشی بسووتێ و
قرچە قرچی سووتانەکەی
ئاوازێکی ناسک و قووڵ
بۆ گوڵی نەورۆز لێبدات ..
1976

***** ***** *****

# ساماڵی پاش بارانی نیوە شەو

لە ساماڵی پاش بارانی نیوە شەوا
خەم ئەبێتە، تریفەیەک ، ..
بە مانگ ئەڵێ :
تۆ جوانتری ..

یا ئەو رووبارەی هاژەی دێ
هەرچەند دەکا هەڵم ناکاو
نابێتە پەلکە زێرینە

مانگیش ئەڵێ : با ئەستێرەکان نەسووتێن
ئارامت بێ تا بەیانی
خۆر وەڵامت ئەداتەوە

گشت گزنگێک، خەم ماسییەکی تینووە
بە خۆر ئەڵێ : تۆ جوانتری یا گوڵە کێویلەی ماچێ
باڵیش گرێ ناگاتە لێو
پێش ئەوەی خۆر بڵێ :- لە مانگت پرسیوە
پەڵە هەورەکان لێک ئەدان
برووسکە چەخماخە ئەکاو
لافاوی پیرۆز هەڵدەستێ ...
1976

***** ***** *****

# سۆما

کە جێمهێشتی، تۆ لە مانگی یەکەمدا بووی
وەک خەونێکی هەڵبزرکاو
شێوەت دێتەوە پێش چاوم
دەق لە وڵاتەکەم ئەچووی ....
تەنیا گریانت ئەزانی و
فێری پێکەنین نەبوو بووی ...
1981

سەرنج : ساڵی 1981 کە پێشمەرگە بووم کۆمەڵە شیعرێکم لە شاخدا بە ناونیشانی ( هەڵۆ سوورەکانی قەندیل ) ەوە چاپکرد . یەکێك لەو شیعرانە سێ

بەش بوو بۆ هەر سێ پارچەکەی جگەرم کارزان و سازان و سۆما نووسراوە .
تەنیا ئەم چەند دێرەم کەوتۆتەوە یاد .

# ئۆپەرێتی خۆشەویستی

## کۆرس:

نە سەرەتا .. ، کۆتاییە
نە کۆتایی .. ، سەرەتایە
سەرەتای گشت کۆتاییەک، کۆتاییە
کۆتایی گشت سەرەتایەک ، سەرەتایە

## دەنگی دەرەوە :

دڵدارەکەم برینێکی جێهێڵراو بوو
خوێنی هەناسەی شیرینم بۆی کردە مەڵهەم و دەرمان
دڵۆپ دڵۆپ رژامە ناو دەمار و سییەکانیەوە
رووناکیم کردە ملوانکە و
لە گەردنی شەوە تاڵەکانیم ئاڵاند
لە ورشەی سپی و .. وشەی جوان
دەیان پەیکەری ناسکۆڵە و رەنگاورەنگم بۆ داتاشی
بەهەشتی خوام
گواستەوە کوورەی هەناوە غەمبارەکەی
وای لێهات بووە هەتاوێ
چی مانگ و ئەستێرە هەیە
لەشەپۆلی تیشکی گەرمیا ئەخولانەوە

*

کەلاوەیەک بوو ناوم نا کۆشکی پیرۆز
دانە دانە ، دەنکە زەنگیانەی ئازارو خەونەکانم
یەکیان گرت و .. بوون بە پەرژینی کۆشکەکەم
وەفام بە دەرگا، دڵیشم بە کلیلێکی نهێنی

*

نە رێگای هەبوو نە هەوار
هەنگاوە شێواوەکانی
بە هەوادا
بەرەو ئاسمانی خەواڵوو کۆچیان ئەکرد
وا چەقی بوو
نەئەیتوانی بێتە خوارێ
نە زیاتر بەرز بێتەوە
تەمەنی خۆم بۆ کرد بە پرد ..
*

## دەنگی ناوەوە:

نەمئەزانی
ئەگەر برینی جێهێڵراو بکەم بە تیشک
خۆم ئەسووتێم
کەلاوەی کۆن بکەم بە کۆشک،
گشت کلیلێک ئەیکاتەوە ..

## کۆرسی یەکەم :

عەشق ئاگرێکی سەوزە
عەشق ئاگرێکی تووڕەو
زۆر بێدەنگ و باڵا بەرزە
عەشق گڕی بەفر نییە
هەتا بە دووکەڵی دۆزەخ بتوێتەوە
ئاگرێکی سادە نییە بەئاوی خەم بکوژێتەوە

## کۆرسی دووەم :

لە نێوانی من و تۆدا
ئەی کچی لاواز و چاو قووڵ
ژیان زستانێکی رووتە
سەرمایەتی و
پەنجەکانی ، وەکو منداڵێکی هەتیو
وەکو پەنجەی شوانە وێڵەی شمشاڵ ژەنی مەمک نەدیو
ئەلەرزێت و سەمای ماچێکی دوور لە لێو
بۆ دەمی دەزگیران ئەکەن ..

## دەنگی دەرەوە :

بیابانێ بوو ، فرمێسکم
ئاوی خۆڵ و قوم و بەردەکانی ئەدا
گریام .. گریام ، بیابانیش بووە دەریا

## دەنگی ناوەوە :

نەمئەزانی
ئەوەی تەمەنی بکاتە
پردێ .. بۆ کچێک بەسەریا بپەڕێتەوە
شەوێکی ئاڵ ،
جنۆکەیەک دێتە خەوی
تەلیسمی رەش ئەشکێنێ و
دونیای حەوتەمی دڵداری نیشان ئەدات
دونیای حەوتەمی دڵداری
پارچە سەهۆڵێکی زبرە
لە ناو مەنجەڵی کوڵاوی
دوا پەرداخی نیوە شەوما مەلە ئەکات

کۆرس :

کە بولبول لە گوڵ یاخی بوو
کە گوڵ لە شیلە یاخی بوو
کە شیلە لە لێو یاخی بوو
کە لێویش لە ماچ یاخی بوو
لە نێوانی من و تۆدا
ئەی کچی لاوازو چاو قووڵ
دڕکی مەرگ شین ئەبێت .. 1979

# ئاکسل و سارا

<u>دیوی یەکەم: پێش لە دایکبوونی</u>

<u>خۆشەویستی</u>

## ئاکسل:

لەناو جەرگی ئەم دارستانە رەشەدا
ئەسپی بیرم
بە دوو باڵی زێڕینەوە
بەرەو هەوارێ کۆچ ئەکات
دوورە لە ئاهی کۆمەڵ و .. تانەکانی
دوورە لە رق .. لە مردن و ژانەکانی
سەوداسەری ئەو موچڕکەم
تەزوویەکی گەرم و خاوێن
لە دەروونما بەرپا ئەکاو .. ناکوژێتەوە

## سارا :

هەرچەندە کۆتریش نەبووم
(( کەلێسا )) م کردە هێلانە

لەگەڵ چرپەی زەنگۆڵەدا

خورپەیەک دێتە دڵمەوە
هەوڵ ئەدەم
چێژ لە تامەکەی وەرگرم
بەڵام تا برژانگی چاوە بچکۆلەکانم لێک ئەنێم
بزر ئەبێ و
نایەتەوە

## دیوی دووەم : پاش لەدایک بوونی خۆشەویستی

## ئاکسل :

درەنگ هاتی
هەموو شەوێک لە قووڵایی تاریکیدا
دەتمبینی و ناتم ناسی
هەستم بەبوونت دەکرد و
نامزانی چۆن دەتدۆزمەوە
درەنگ هاتی و
خۆزگە گوللەی دەمانچەیەک
ناو هەناومی دەگرتەوە
تۆ نابینی .. ، چۆن هەناسەم

تێکەڵاوی خوێنم بووەو
سۆزەکانم
وەکو رەوە پەپوولەی سوورو زەرد و شین
کڕنۆش ئەبەن بۆ رووناکیی ئەو موچڕکەی

لەم نیوە شەوە ساردەدا
تاڵ تاڵ ئێسقان و دەمارم دەسووتێنیێ
تۆ نابینی :
چەندە مەست و بەختەوەرم

## سارا :

کەی زەنگۆڵەی کەلێساکان
ئەوەندە قووڵ و ناسک و پڕ ئاوازن
کەی شنەی با ، ترپەی باران
تاسەی برووسکە ، هاژەی چەم
ئەوەندە خۆش و بەنازن
ئەی تا ئێستا ، بۆ گەردەلوولێ ، گەرداوێ
زووتر بۆ ئێرەی نەهێنام ؟
بۆ ئەو هێزەی وەکو مرواری ژێر هەتاو
لە چاوتا ئەدرەوشێتەوە
راینەکێسام ؟

## ئاکسل :

نەمئەزانی کەی بیابان دەگاتە ئاو
کەی ئاو دەگاتە بیابان

## سارا :

بەهەشتی دزراوی دڵم دۆزرایەوە
(( ئێستا .. )) سووکترم لەو پووشەی
ڕەشەبا سەمای پێئەکات
چی ئازاری دونیا هەیە
ببێتە زامێک
یاتیرێک
یا سەلیبێک
لە ناوچەوانم بچەقێت
ئنجا هەڵاڵەو نێرگزی لێ شین ئەبێت
*

ئاکسل :

خامۆشترم لە نیوەشەو
بۆ ئەوەی (( موچڕکی پیرۆز )) دووایی نەیەت
ئەوە ژەهرە و .. دەیخومەوە

سارا :
نیوەی بۆ من ...
1976
*****   *****  *****

## خۆڵەمێش

لە مانگە شەوی هاوینا
بینیوتە چۆن نەرمە بای پەژارەی پیرۆز
بەلێواری مەدارەکانی فرمێسکا ئەخولێتەوەو
لەئاسمانی خەو بینینی خەمەکانا بزر ئەبێت
تۆ بارانی ژێر پرشنگی خۆرەتاوی پایزانت بینیوە چۆن
پرچی خاوی جۆگەلەکان شانە ئەکاو
لەناو لافاوێکی شێتا ئەتوێتەوە
ئەی بینیوتە
چۆن گوڵە ئەستێرەی سووتاو
دێتە زمان و سروودی
ملیۆنەها ساڵ لەوەبەر ئەڵێتەوە
نەء ! نەتدیوە
چ رەشماڵێکی تاریکە چاوەکانتی داپۆشیوە
چ بیابانێکی وشکە
ئاوی روونی تەماشاتی هەڵمژیوە
ئاخۆ شەوان
کاتێ فرمێسکی تەنیاییت
تێکەڵاوی گریانی شاعیران ئەبێت
خەو بەخۆرەوە نابینی ؟
ئەی گیانە بیرت چۆتەوە
ئێوارانێک ..
تۆ بە بڵێسەی ئاگری
خۆشەویستی ، سووتایت و من
خۆم و خۆشەویستیم سووتان

1978

***** ***** *****

# شاری نهێنی

ئەی خوای فرمێسک بۆچی زەردەخەنەیان کوشت؟
(( هۆمیرۆس ))

<u>کۆرس :</u>

کێ گوڵی کوشت ؟ کێ ژیانی کردە گۆڕی زەردەخەنە
کێ خەونی پیرۆزی سووتان
کێ بەهاری خۆزگەی دزی
کێ .. کێ ؟

بۆ گوڵی کوشت ؟ بۆ ژیانی کردە گۆڕی زەردەخەنە
بۆ خەونی پیرۆزی سووتان
بۆ بەهاری خۆزگەی دزی
بۆ .. بۆ ؟؟

کەی گوڵی کوشت ؟ کەی ژیانی کردە گۆڕی زەردەخەنە
کەی خەونی پیرۆزی سووتان
کەی بەهاری خۆزگەی دزی
کەی .. کەی ؟؟

## دەنگ :

شەوێکی تاریک و تەزیو
بەکلیلی برووسکەی بیر دەروازەی هەورم کردەوە
ویستم لە جیاتی خەو بینین لادەمە شاری نهێنی
لەم دیو دەروازەکەی هەورەوە
کۆمەڵێ فریشتەی ئافرەت ، بێ مەمک بوون
وەکو (( بەندەکان )) ی ڤان کوخ ، هەر بەرووتی
دەوری ئاگرێکیان دابوو
ئەخولانەوە و .. جاروباریش
بە ئەسپایی .. هاوارێکی دڵتەزێنیان لێوە ئەهات
لەسەر نوکە تیژەکانی ئاگرەکە
لەپی دەستێک سەمای ئەکرد
لە ناوەندی لەپەکەدا ، دەمێك ئەیووت :
( خودایە گیان ..
کەی بەنووری خۆشەویستیت
تەمی ئەم نەفرەتە رەشە ئەسووتێنی و
بۆ لای خۆتمان ئەبەیتەوە )
سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی
لافیتەیەک ، روانینەکانمی هەڵمژی
لێی نووسروابوو : دەرگای یەکەم

## تێبینی :

( شاری نهێنی حەوت هەزار و حەوسەد و حەفتا و حەوت دەرگای هەیە، هەر دەرگایەک حەوت هەزارو حەوسەد و حەفتاو حەوت ساڵی هەتاویی

لەوەکەی ترەوە دوورە .. )
تا لافیتەکەم خوێندەوە
نە ئاگرو
نە لەپی دەست ..
نە ئافرەتە فریشتەکان ، لە جێگای خۆیان نەمابوون
دەرگای یەکەمم کردەوە و چوومە ژوورێ ..

## کۆرس :

بۆت دەرنەکەوت کێ گوڵی کوشت ؟
کێ ژیانی کردە گۆڕی زەردەخەنە ؟
بۆ خەونی پیرۆزی سووتان ؟
کەی بەهاری خۆزگەی دزی ؟

## دەنگ :

کە پێم نایە ئەو دیوەوە
لە ناو بەستەڵەکدا مەییم
حەوت هەزارو حەوسەد و حەفتا و حەوت سەدە
تاشە بەردێکی سەهۆڵ بووم
کاتێ بێداریش بوومەوە
عیسام بینی چڵێ ئاگری بۆ هێنام
هەواڵی زەوی لێپرسیم
وتم : زەوی ؟
یا سێدارەو زیندان و ئەتۆم و دڵە نەگریسەکان
کاکە عیسا
دەستم بگرەو بمگەیەنە (( حزووری خوا ))
من لەو زەوییە بێزارم
من نامەوێ جارێکی تر بۆ سەر زەوی بگەڕێمەوە

لەپرێکدا، تارماییەک چاوەکانی داپۆشیم و
لە یەکەم دەرگادا ( مردم )

<u>کۆرس :</u>

کەس نازانێ کێ گوڵی کوشت
کێ ژیانی کردە گۆڕی زەردەخەنە
بۆ خەونی پیرۆزی سووتان
کەی بەهاری خوزگەی دزی
کەس نازانێ
کەس نازانێ
1975

# تانیا

فرمێسکی ئاگرینی چاو
لە رۆژگاری یاخیبوون و تووڕەبووندا
دەبێتە جۆگەلەی سارد و
بەسەر بیابانی وشکا هەنگاو ئەنێ
کاتێ ئەڕژێتە ناو دەریای ئارامەوە
ناتوێتەوە
ئەستێرە دڵدارەکانی
نیوە شەوانی هاوینی کەرکوکی جوان ئاگادارن
چۆن کەفی جۆگەلە و رووبار، کە دەتەقێن

هەر پرشنگێکیان دەبێتە بەهارێک و
گۆرانی بۆ ئاهەکانی ( تانیا ) دەڵێن
تانیاش وەکو
خاتوونێکی سوورپۆشی ناسک و هێمن
بەدەم وردە شەپۆلەوە
سەما بۆ پاپۆڕی سووری
ژیان دەکات و .. گەردانەی
ئاڵ و زێڕین
دەئاڵێنێتە گەردنی ماسییە بچکۆلەکانی وڵاتەوە
تانیا سەما دەکات
مەرگ
راوی دەنێت و .. بەهاریش
گوڵەنێرگزی بۆ دێنێ ..
- بۆ ناخەوی ؟
- وڵاتەکەم، ئیمشەو لە دڵما بێدارە و بریندارە
جار جار وەکو نمەی باران
لە ژێر خۆری بیرکردنەوەما دەبێتە
پەلکەزێرینەی پایزان
هەندێ جاریش
لە ناو شۆرەتی
کۆنکریتە چوارینەکانی کارەبای خەو بینینما
بزر ئەبێت ..
- بۆ ناخەوی
- وڵاتە ئەوپنداره‌کەم لە سووچێکی دڵەکەما شاردۆتەوە
بۆ نازانی وڵاتەکەم هەناسەمە؟
زستانێکی دەربەدەر هات
لە جیاتی ئاو ..
تانیا بەفری دەخواردەوە
لە جیاتی نان

تانیای کارمامزو شـەیدا
سـەوزە گیا و قارچکی دەخواد
ئەو زسـتانە
تانیا بووە چرایەک و
خۆی سـووتاند و
شـەوەزەنگی وڵاتەکەی رەواندەوە
1977
***** ***** *****

# بارانی سـووتاو

هۆنراوەکەم کوێسـتانیە
بۆنی بەفر و زریان و برووسـکەی لێ دێ
ئەوەی بەفری نەدیتبێ
چۆن لە گزنگا ئەبارێ و
پێش ئەوەی بگاتە زەوی
شـاخ ئەکاتە ئاگر باران
ئەوەی زریانی نەدیبێ و خۆیشـی نەبووبێتە زریان
لە هۆنراوەی من تێناگاو بەوڕێنەی خۆپەرسـتێکی دائەنێ
-ناوت چییە؟
وتم : بەفر
-ئەڵێم ناوت ؟؟
وتم : زریان
هۆنراوەکەم کوێسـتانیە

له نێوان ( با) ی سەرەو ژوور و سەرەو خوارا
بۆتە شارێک ناوی : بارانی سووتاوە ..
1975
*****  *****   *****

## قەرسیل

وامئەزانی چاوە جوانەکانی (( شیرین ))
هێلانەی گشت
ئازار و موچڕک و تاسە و هاوارێکی ناوەوەمن
شەوان بە شیعری باڵگرتوو بۆی ئەگریام
رۆژان بە فرمێسکی سووتاو
ئاوی لێوەکانیم ئەدا
باخەوانێک بووم کە رەزی
ئاواتی دوور و نزیکی (( تامەزرۆیم )) هاتە بەرهەم
ئینجا زانیم هەزاران ماچ
تامی یەکەمین ماچ نادات ..
*
خۆشەویستی ..
شاخێکی ئێجگار بەرزبوو
هەوراز هەوراز بەسەرکەوتم
هەتا گەیشتمە لووتکەکەی
ئیتر بەدیوەکەی تردا
نشێو نشێو، شۆربوومەوە
کە سەرکەوتم
تەنیا خاوەنی دڵێک و
وڵاتێک بووم

بەڵام کاتێ بەربوومەوە
گشت ئەندامەکانی لەشم بوونە دڵ و
هەموو جیهان بەوڵاتم.
1976
*****   *****  *****

# بۆ کچی کوێستان

کچی کوێستان ، ئازیزەکەم
لە شەوانا
گەرمای هاوین وێڵم ئەکاو بیرت ئەکەم

تاڤگەت دیوە
چۆن بەخوڕەم دێتە خوارێ و
ئاوی بەفری سەرلووتکەکان ئەکاتە ماچ
ئەیبەخشێتە دەشت و دۆڵی ئەم کوردستانە شیرینە

شیرینەکەم منیش ئاوا خۆشم ئەوێی
ئەی لە گزنگی زستانا
شەختەت دیوە

کڵۆ .. کڵۆ، بەسەر گەڵاو لق و پۆپی دارەکانا
دەلەرزێت و
بیری سەرمای شەوگار ئەکات ..
گزنگەکەم، منیش ئاوا بیرت ئەکەم
کچی کوێستان .. هەناسەکەم
ئەگەر ئەگریم
نەبەزیوم، بەڵام زامی رۆژگارێکم دێتەوە یاد
دڵداریم لەگەڵا کردی و
نەمئەزانی ..
دڵداری چییەو چۆن لێمان بەیەک ئەگات
ئەگەر وەک رەهێڵە ئەگریم
ئەوە هەوری بەهارێکم دێتەوە یاد
بەبرووسکە و گرمە گرمێکی ناوەختە
لە یەک دووری خستینەوە
نەگۆڕاوم ئەی کچی جوان
تیشکی هەتاو چۆن ئەگۆڕێ ..
فرمێسکی چاو چۆن ئەگۆڕێ ..
بیرت ئەکەم و گشت رۆژێک
بیرەوەریت
ئاگر لە دلم بەرئەدات ..
من ئێستاش (( مەیلم هەر ماوە
دڵیش .. دڵەکەی جارانە و نەگۆڕاوە ))
شەیدام
شەیدام
شەیدای لووتکە و زریان و
سەرمای زستانم
شەیدای لێزمە و چۆڕاوگەی دەرگای ئەشکەوت و
شەیدای شۆرەبیی و چنار و
سیبەر و شنەی زۆزانم

نەگۆڕاوم ئەی کچی جوان
تۆ نازانی و خۆم ئەزانم
1976
*****   *****   *****

## جنۆکەی ئەندێشەی شاعیر

تۆ .. چی لەم شیعرە تێدەگەی
لافاوێک هات ..
گشت شەپۆلەکانی خنکان

دوای چەند ساڵێک
پاپۆڕەوانێکی کوێستان
بە دەریای وت :
چ گەرداوێ ئەم لافاوە شێتەی هێنا؟
دەریا وتی: کەنارەکانم ئەزانن
_تێگەیشتی ؟
کە تێناگەی بۆ گوێ ئەگریت
بۆ بە خەنجەری تەماشات
خەم ناکەیتە دوو لەتەوە

لە لەتێکیانا بنووسیت:
ئەستێرەی جوان
دەزگیرانی گوناهەکانی شەوگارە
لەوەکەی تریان پەیکەرێک

بۆ جنۆکەی ئەندێشەی شاعیر بتاشیت.
1977
*****   *****   *****

# هیچ و هەزار

فێرت بکەم چۆن بەرووتی
لە ناو خوێنا مەلە بکەیت و تەڕ نەبیت؟
بچیتە ناو ژێر زەمینی گڕی دۆزەخ و نەسووتێی؟؟
دە گوێ بگرە:
شەوان بەر لەخەوتن .. هەرگیز
بیر لە دوێنێ مەکەرەوە
بەیانیش وای دانێ ئەمڕۆ
دوا هەنگاوی هەناسەتە و ناگەیتە شەو
- ئەی ئەگەر شەویش داهات و
ئارام بووە چرادانی بیرکردنەوە و لێکدانەوە
چۆن نەسووتێم ؟
- سەماکە .. پێکەنە .. بگری
بخۆرەوە و .. بخۆرەوە
تا دوا فڕی پەرداخەکەت
هەڵئەمژی و
تاریکایی ...
سرووودی خۆرت بۆ ئەڵێ ..
- ئەی دوای ئەوە؟
- خەماکانت بکە شمشاڵ و لەسەرخۆ
بەدەم ئاوازەوە بڵێ :-
کە لە (( لووتکە )) بەربوومەوە
سەرم شکا

دڵم بووە گۆڕستانی بیرەوەری
دووبارە لە سەرەتاوە
بەرەو لووتکەیەکی بەرز و پڕ لە بورکان
کاروانی بیرم کەوتە ڕێ
خوداو کۆمەڵ لەسێبەرما خەویان لێکەوت
پێش ئەوەی بێدار ببنەوە
من خەریک بووم لووتکەی بەرز
وەک بیابانێک تەختکەم
لە پڕێکدا، هاوارێک هات، وتی: وەرە
وەرە خوارێ
لەسەرەوە هیچ نابینی ..
1979
***** ***** *****

# وەرزی بەستەڵەک

بۆ هاوڕێی شاعیرم
شێرکۆ بێکەس

ئەی شاعیری وڵاتی لاوک و حەیران
ئیمشەو ئاسمانی شارەکەم

بارانێکە چ بارانێ ..
گۆلە ئاوی ژێر پرشنگی تیشکی خەمناک
فەرشی ئاوێنەی ڕوومەتی سارد و سڕی
بۆ گڕی بێ نازی جاران ڕاخستووە و
دانە دانە ، ڕێژنەی ورد و ڕەنگاوڕەنگیش
بە روخساری
تەڕو تەزیوی دیوار و
گوێسەبانە و
پەنجەرەی تەند داخراوا .. دێتە خوارێ
بارانێکە، چ بارانێ
پرچی درێژی شاپەری سەرماو سۆڵە
وەکو لقە ئەرخەوانێ
دەلەرێتەوە و
برووسکەی سووری داگیرساو شانەی دەکات
لەو شەوەدا
تەمەنم ببووە ماسی یەک
لە ناو پەرداخێ ئارەقدا مەلەی دەکرد
دەنگی شوانە شوانەی (( ماملێ )) و
گریانی بێدەنگی دڵم
ئافرەتێکی بێ مەمک بوون
یەکیان ماچ دەکرد و جار جار
وا دەنووسانە یەکەوە
دەبوونە سێبەری (( بەمۆ ))
من دەمەویست ...
لەسەرابی سێبەری شینی بەمۆدا
گوڵ ببینم
ڕووبار و زەریا ببینم
بەڵام چی بکەم
لافاوی تەمڕایماڵیم و

هەوری چڕنووکی لە پێستی ناخم گیر کرد
هەر ئەوەندەی
بەئاستەم بریندار بووم و
خوێنی گەرم جۆگەلەی بەست
گەلە گورگ، ئابلوقەی دام
بەکەڵبەی تیژ بازنەیەکیان بۆ کێشام و
بەر لەوەی بمکەنە خۆراک
سۆزم هەڵسا
باڵندە کۆچەرەکانی دڵە تەنیا و غەریبەکەم
هاتنە دەرێ
بەڵەفڕەیان پێکەوت و
(( زیکر ))ێکی ئێجگار خامۆشیان
لە مزگەوتی هۆشما ساز کرد
تاک تاک خۆیان پێناگیراو
بەرەو هێلانەی لووتکەکان هەڵئەفڕین
هەندێ تریش، تەواو حاڵ گرتبوویانی
لە جیاتی بەهەشت و ئاگر
لە جیاتی هەنگوین و شەکر
سەریان بائەداو ئەیانووت:
بەفر .. بەفر
منیش شمشاڵم دەرهێنا
ویستم بە سروودی کوێستان
تۆزێ هێوریان کەمەوە
کاتێ چوومە سەر دەفتەری نۆتە و ئاواز
بینیم یەک یەک ئازارەکان
بوونەتە کۆتری سپی
پەڕو باڵیان بۆنی زوقم و
بەفری سووتاوی لێدێت و
چاوی گەشیان

بۆ بریقەی رەنگدانەوەی
مرواری خەم هەڵخستووە
بەڵێ هاوڕێم ..
وەک چۆن پیرەدار بەڕوویەک
لە رەگەوە هەڵتەکێنرێ
بینیم سەدن رنووە وشە
ئاو .. خرمەو قرچە قرچیان
بۆتە ئاوازی رەنگ زەرد و
ئەوانیش وەک
باڵندە کۆچەرەکانی دڵە تەنیاو غەریبەکەم
قژی رۆژگاری زستانیان ئەڕنییەوە
گەلە گورگیش رەوینەوەو
روویان کردە ئەشکەوتی دوور و جێهێڵراو
ئەوەتانێ:
وشەکان بوونە قەقنەس و
لە بیابانی پشکۆدا
هەموو زمانیان گرتووە
هەر ئەوەندەی
هەناسەی خنکاوی بەفر و
ئاهی شەختە تێکەڵاوبوون
یەک دەنگ دەبنە کۆرسێک و
گۆرانی کۆچ
(( کۆچی یارم کۆچی سوورە
بەهارەو خێڵ بەرەو ژوورە ))
ئەڵێنەوە
1985

سەرنج : لە چاپی یەکەمی دیوانەکەدا ناوی کاك شێرکۆ نەهاتووە چونکە ئەوسا پێشمەرگەبوو بۆیە ناوهێنانی لە لایەن رژێمەوە قەدەغە کرابوو . ئەم شیعرە جۆرە وەڵامدانەوەیەکی دوو شیعری خۆیەتی ( کۆچ ) و ( دوو سروودی کێوی ) .

# پرشنگ*

ئەی (( پرشنگی )) بچکۆلانە .. مەگری مەگری
خۆ ئەزانم گریان ئازاری مرۆڤە
گریان تووانەوەی کەونە
گریان تەقینەوەی زامە
گریان زامە
زامە .. زامە
بەڵام مەگری
کە تۆ ئەگریت ، ئاسمان ئەگری
زەوی ئەگری
رووبار، دەریا، شاخ، گەردەلوول .. هەموو ئەگرین
شیعر، گەڵا ، باران ، شەفەق .. هەموو ئەگرین
کە تۆ ئەگریت، ژیان سەما بۆ مەرگ ئەکات
مەرگیش سەما بۆ ژین ئەکات
- ئاخر دیکم کەی دێتەوە؟
- هەر دێتەوە ..
- کەی ؟ کەی ؟
- لە جەژندا
*
جەژن هات و .. نەهاتەوە
هۆ (( پشە )) گیان
لە شەوانا دایکت ئەستێرەی سوەیلە
بەهەناسەی ئاگراوی پرچی رەشت شانە ئەکات
کە ئەخەویت پەنجەکانی
لای لەیە بۆ ئاهو تاسەی

شەوانی بێنازیت ئەکەن
ماچەکانی
وەکو رەوە کۆتری شین
بەسەر سوورمەی
زەردەوە بووی
گۆناتەوە، ئەنیشنەوە
- هۆ دایە گیان
لە ناو تۆری زەردەپەڕا
گشت ئێوارەیەک ئەتبینم
خامۆش و بێدەنگ و ماتی
ئەگەر لە پایزی خەمگین ، پایزتر نیت
بۆ نەهاتی
جەژن هات و تۆ نەهاتی
بۆ نازانی من چاوەڕێم
بۆ نازانی
لەدەم و چاوی پڕ سۆزی گشت دایکێکدا
بۆت ئەگەڕێم
بۆ نازانی مناڵان پێم ئەڵێن (( هەتیو ))
- رۆڵە ، دایکی گشت منداڵێک دایکی تۆشە
- نا .. نا
بۆنی هەناسەت ئەناسم
ئەگەر نەیەی
چاوەڕوانیم ئەتەقێتەوە
ئەگریم و .. ئەگریم و
ئەگریم
هەتا سروشت
لەناو دۆزەخی فرمێسکا ئەتوێتەوە
*
دایک نەهات

جەژن هات و .. جەژن رۆیی
چاوی خەواڵووترووکا
گوڵ چرۆی کرد
گوڵ هەڵوەری
زستان .. بەهار .. هاوین هات و دایک نەهات
1976
*****   *****   *****

تێبینی: پرشنگ خوشکێکی بچووکمە زۆر منداڵ بوو کە دایکی مرد، ئێستایش ، هەموو بەیانیەک کە لە خەو هەڵدەستێ وا دەزانێ دایکی خەریکی چا لێنانە و زۆر جار لێم دەپرسێ : دایکم بۆ مرد ؟؟ کەی دێتەوە؟..

# هەنگوینی تاڵ

زۆر وڵاتی رۆژهەڵات و .. رۆژئاوام دیٚ
گەرمیانم دی ..
کوێستانم دی ..
سەدەها شەوی شیرین و
تاریکایی زیندانم دی
بەهەشت و دۆزەخ و دەریا و
لووتکەی شاخ و
سەرابی بیابانم دی
بەهەزاران بەختەوەر و رەنجەڕۆم دی
بەهەزاران کۆیلە و دیل و سەربەخۆم دی

بەڵام هەرگیز بەدمەستێکی وەک خۆم نەدی ..
*
سەردەمێکە دوور و درێژ
ئاوێکی تاڵ ، لێوی ناوەتە لێومەوە
بەماچ، .. ماچی ئاگراوی
ڕێژنە بارانم ئەکات و ...
ئەمشواتەوە
منیش بە ماچی خەماوی ..
ئەیشۆمەوە
ئەو گشت جارێک نۆشم ئەکاو
ئەمخواتەوە
منیش بۆتە خۆزگەی دڵم
تەنیا جارێک .. بیخۆمەوە
*
ئەی ئاوی تاڵ
ئەی هەنگوینە پڕ ژەهرەکەم
ئەی جامی مەرگی بێ هوودە و
دەست و بردم
لە پێش چاوی .. ئەوانەی وا خۆشیان ویستووم
سووکت کردم
لە پێش چاوی .. ئەوای وا نەیان ویستووم
ئابرووت بردم
لە پێش چاوی نیشتمان و
ئازیزان و
کۆرپەی جگەر و .. خێزان و
لەبەر گوێچکەی .. هەزارانی ترا کەوا
لە دوورەوە .. ناویان بیستووم
سووکت کردم
ئابرووت بردم

پاشان خۆتیش وەکو جنۆکەیەکی وێڵ
ون بوویت و .. پشتت لێکردم
بۆ بەیانی
ژانە سەر و .. ئاخ و ئۆف و
چەندین بیرەوەری رەشت بۆ جێهێشتم
وەکو دەیان جاری تریش ، تێگەیشتم
کە دوێنێ شەو
بوومەتە هۆی وەراندنی گوڵەکانی هەستی خۆم و
دڵیەشاندنی ئەم و ئەو
هێشتا هەر لە ناو پێخەفدام ، تۆبە ئەکەم
تا ماوم دەمت لێنەدەم
بە باوەڕێکی قووڵەوە سێ بەسێ تەڵاقت ئەدەم
بەڵام کە ئێوارە داهات ..
لام ئەبیتە شاپەرییەک
کراسێکی تەنک و سپیت لە بەردایە
پرچی نەرمت بەسەرشاندا شۆربۆتەوەو
هەردوو مەمکە ناسکۆڵەکەت
قوت قوت لە ژێر کراسەوە
تەماشای چاوم ئەکەن و بەدەم خەندەی ئەفسووناوی
لێوە ئەکرۆژی و .. لەنجە ئەکەی
زۆر لەسەرخۆش، بەپەنجەی ناز
لە شووشەی سافی پەنجەرەی سۆزم ئەدەی
ناچار وەکو زیندانییەک
بیست ساڵی رێک .. چاوی بە کچ نەکەوتبێ
بیست ساڵی رێک .. لەگەڵ ژندا نەخەوتبێ
ماچت ئەکەم .. بۆنت ئەکەم
لە کانیاوی پڕ ژیلەمۆت، ئەخۆمەوە
پشکۆی تاڵت ، هەڵئەمژم و .. نازانم
منی بەفر، وردە وردە ئەتوێمەوە و

وەک شەوەکانی لەوەبەر
بۆ بەیانی ، پەشیمانم
1985
*****   *****   *****

## تریفەی سوور

ساماڵە شەوی زستانە
ئەستێرە بەئاسمانەوە ، دەجریوێنیٚ
دەورو بەرم، یەک پارچە وەک گۆمێکی مەنگ
کپ و .. بێدەنگ و .. خامۆشە
پێخەفی گەرم
بۆتە هێلانەی ، مەلۆتکەی
خۆزگە و جووت بوون و خەوبینین
شاری ماندوو، کراسێکی خۆڵەمێشیی لە بەردایە
باڵندەی ئەندێشەی منیش
باوێشکەداو خەوی نایە
بەگەردوونی بیٚ سەرەتاو کۆتاییدا، ئەخولێتەوە
فریٚ .. بەڵام چۆن فرینێک
ئێجگار لە (( هالی )) خێراتر

بەسەر دەیان جیهانی نوێدا تێپەری
دەیان شاخی گەورە گەورە و
دورگەی پر تەم و مژو
دەریا و ئۆقیانووسی بری
هەزاران ساڵی هەتاویی
لە تۆپە خڕەکەی زەوی دوورکەوتەوە
رۆیشت
رۆیشت
گەیشتە ئەستێرەیەکی تریفە سوور
ویستی بچێتە ژوورەوە
بە ماتە مات نزیکبۆوەو
لە پڕێکدا
هێزێکی نادیارو .. ون
بەئاستەم پاڵی پێوە ناو
ملیۆنێ ساڵی هەتاوی
بۆ دوواوە دووری خستەوە
کاتێ گەیشتەوە لای من
هەر ئەوەتا پەڕوباڵی پێوە مابوو
تک تک دڵۆپە ئارەقەی ئاگراوی
لە ناوچەوانی دەچۆری و
بەدەم گریانەوە دەیووت :
من بە ئەوینی مەرگەوە هاتم بۆ لات
تۆش دەیان نهێنی تازەت
خستە ناو گێژەڵۆکەی بیر
جار بەجاریش، وەک دەروێشێکی گۆشەگیر
ناڵەیەکی دڵتەزێنی لێوە ئەهات :
لای لایە .. مرۆڤ لای لایە
ئەو مەحاڵەی
لەم ژیانە و لەم تەمەنەدا نایگەیتێ

نووری خوایه

1985

# سێ ماچ

## ماچی یەکەم

لێوەکانت
وەک گوڵەباخی ژێر باران
لە دوورەوە سوور ئەچنەوە
تک تک ئاوی
پاک و بێگەردی بەهەشتیان لێ ئەبارێ
نمە نمەش ،ئاوی ئاگر
بە لێواری لێوە زەردەکانی منا
دێتە خوارێ
کچەکە گیان،
تۆ بەمژێک و ماچێکی
لێوە لەشووشە لووسترت
دڵنیام هیچت لێنایە
بەڵام بۆ ئەو مژو ماچە
من وەختە کوێراییم دایە

## ماچی دووەم

سەرگۆی مەمکە قوتەکانت
وەک نوکە رمی ئاگرین
ناخی ناخیان کردوومەتە کورەی برین
کاتێ جار جار
لە ژێر کراسی تەنکدا ئەلەرێنەوە
چلەی زستان
دڵەکەم ئەبێتە هاوین
وەکو داربەڕووی گڕگرتوو
کڵپە ئەداو .. هەڵئەقرچێ
ئای .. چی ئەبوو
ئەگەر بەدەم هەڵمژینی
بۆنی عەتری هەناسەت و
ئەو جووتە مەمکە سپیلکە
خڕپن و توند و تۆڵەوە
گیانی شیرینم دەرئەچوو..

## ماچی سێیەم

شەوانی هاوین
دوو لێوی گەرم و ناسک و نەرمی
کچە کێوییەک ، کپ و تامەزرۆ
لە ئاگردانی دەمی تینووما
ئەبوونە پشکۆ
بەدەم هەناسەی هەڵمژینەوە

گوێم لێبوو تاڵ تاڵ ئێسقانەکانی
ئەهاتنە بزەو سەماو هەڵپەڕین
گوێم لێبوو یەک یەک دەمارەکانی
لە ناو موچڕکی خەندە و خۆشیدا
بەر ئەبوونە شین
ئا لەو ساتەدا ، ئەی کچی چیا
کچۆڵەی شیرین
پۆل پۆل پەپوولەی ماچی رەنگاوڕەنگ
باڵیان ئەگرت و ئەتوانەوە ناو ئاسۆی خۆرنشین
***********

* کۆپلەی سێیەمی ئەم شیعرە سەرەتای شیعری (( ئاسۆی خۆرنشینە )) و لێرەدا دووبارە کراوەتەوە.